# ژنانی کورد
# کۆیلەکانی کۆلۆنیالیستان

**مەهاباد قەرەداغی**

**پێشەکییەکی پێویست:**

لە وڵاتێکی ئاسایی و یاساییدا هاوڵاتی بە پێی ڕێسای لۆژیکی و یاسای مۆدێرن ئەرک و مافەکانی دیاری دەکرێت و، پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتی لە سەر بناغەی ئەو ئەرک و مافانە بەڕێوە دەچن.

مەبەستم لە وڵاتێکی ئاسایی ئەوەیە کە نە داگیرکرابێت و نە داگیرکەر بێت، مەبەستم لە وڵاتێکی یاساییش ئەوەیە کە دەوڵەت ڕەوایەتی خۆی لە هاوڵاتییەوە وەرگرتبێت و بە هەڵبژاردنی ئەوان هاتبێتە سەر دەسەڵات و، نوێنەرایەتی هاوڵاتی بکات.

لە هەردوو دۆخی وڵاتێکی داگیرکەر و یەکێکی داگیرکراو، نەتەوەیەکی سەردەست و یەکێکی بندەست، نایاساییبوون و نائاساییبوون هەیە. وڵاتێکی داگیرکەر ، بە پێی خودی ئەو سیفەتانەی کە داگیرکەرێتی هەیەتی، ئەو مەرجانەی تیادا قاتی دەکات کە ئاسایی و یاسایی بێت، وڵاتێکی داگیرکراویش بە هەمان سۆنگە و سیفەتی داگیرکراوێتی مەرجەکانی ئاساییبوون و یاساییبوونی تێدا بەدی ناکرێت.

وڵاتێکی داگیرکراو دەبێت بە بەشێکی وڵاتی داگیرکەر، بەڵام بەشێکی نائاسایی ئەو وڵاتە، بەشێکی پڕ ئاژاوە و هەمیشە کوڵاو و، نائارام، بەشێکی بێبەش. نەتەوەیەکی بندەست دەکرێت بە بەشێک لە نەتەوەی سەردەست، بەڵام بەشێکی نائاسایی، چونکە هەمیشە لە هەوڵی تووانەوە و لە قاڵبدان و شێواندنی قەوارە و زمان و کلتوور و کەسایەتیدا، لە ناو قەوارە و زمان و کلتوور و کەسایەتیی نەتەوەی سەردەستدا، پاڵەپەستۆی دەخرێتە سەر و، لە هەموو بارێکەوە لە چاو ئەوی سەردەستتدا، ئەمی بندەست بچووک دەکرێتەوە و ئەم سیفەتەش جگە لە کاریگەری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری، کاریگەری دەروونیشی دەبێت و یەکێک لە بەرچاوترینی ئەو کاریگەرییانەش کە نەتەوەی بندەست دەیبێت، سیفەتی (خۆبەکەمزانین) ە. ئەم سیفەتە لە ئاکاری نەتەوەی ژێردەستتدا ڕەنگدانەوەی هەیە، نەک تەنها لە تاکێ، یان گروپێکدا، بەڵکە لە ڕابەر و سەرکردە سیاسییەکانیشدا بە ڕوونی دەردەکەوێت.

www.kurdistannet.org کوردستانێت

کوردستان و، داگیرکەرەکانی کوردستان وڵاتی نائاسایی و نائاساییین. کورد و عەرەب و فارس و تورک نەتەوەی نائاساییین. بۆ ئەوەی ئەم وڵاتانە ئاسایی ببنەوە، پێویستە نە داگیرکەر بن و نە داگیرکراو، بۆ ئەوەی ئەم نەتەوانە ئاسایی ببنەوە ، پێویستە نە سەردەست بن بەسەر نەتەوەیەکی ترەوە و نە بندەستی نەتەوەیەکی تر بن. ئەم لۆژیکە تەنها بە سەربەخۆبوونی کوردستان و بوونی بە وڵاتێکی ئاسایی و دەوڵەتێکی یاسایی قایل دەبێت، هەروەها بە دەستبەرداریتی وڵات و رژێمەکانی ئێران و عێراق و تورکیا لەو بەشە وڵات و گەلانەی کە داگیریان کردووە و، بە دەستبەرداریتی لە شێوەی دەسەڵاتی تۆتالیتاری، ئەوسا دەبن بە وڵاتی ئاسایی و یاسایی.

## کورد و کوردستان ، کۆیلە و کۆیلەخانە:

ئەو ئاکارانەی کە داگیرکەران لەگەڵ مرۆڤی کورددا کردوویانە و دەیکەن، هەروەها لەگەڵ کوردستاندا کردوویانە و دەیکەن ، ئەوە دەداتە بەرچاو و ئاوەز کە کورد کۆیلە و کوردستان کۆیلەخانەی ئەوان بێت. لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دەتوانین بەڵگەی زۆر ئاکاری فەرمانڕەواکانیان دەستنیشان بکەین کە بەرامبەر بە مرۆڤی کورد وەک رەفتاری خاوەندارێکە بۆ کۆیلەکەی.

رژێمەکانی ئێران، چ شاهەنشاهی و چ کۆماری ئیسلامی رەفتاری خاوەندار بۆ کۆیلەیان لەسەر کورد و گەلانێ تری ژێردەستی خۆیان پەیڕەویی کردووە. رژێمەکانی تورکیا هەر لە یەکەم رۆژی دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیاوە تا ئەمرۆ ئەم گەلەیان کردووە بە کۆیلەی خۆیان و حوکمی نەبوونیان بەسەردا داوە. رژێمی سووریا بە میوانەکۆیلەکانی خۆیانیان دەزانێ و، رژێمی مرۆڤخۆرێ بەعسیش لە عێراقدا هەرشتێ نەشێ و هەر کردەیەک بۆ کردن نەبێ بە کوردەکانی کرد ، رێک وەک ئەوەی کۆیلەی هەمیشەیی خۆی بن.

گومان لەوەدا نییە کە ئەم رژێمانە بێپەروا و بە بێ هەڵاواردن لە نێوان ژن و پیاودا تاوانەکانی خۆیان ئەنجامداوە و ، دەستیان لە کەس نەپاراستووە، لە منداڵی ناو لانکەوە تا پیری گۆچانبەدەست.

## ژنی کورد ، ماف و یەکسانی لە کوشتن و بریندا:

ژنانی کورد لە هەموو ژیانیاندا رووبەڕووی هەڵاواردن و جیاکاری دەبنەوە لە هەموو بار و بوارێکی ژیانیاندا چ لە لایەن یار و چ لە لایەن نەیارەوە، تەنها لە یەک شتدا مامەڵەی یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا لەگەڵ کراوە لە لایەن دوژمنەکانەوە (داگیرکەرەکانی کوردستان)، ئەویش مافی مردنی هاوبەش و کوشتن و زیندەبەچاڵکردن و زیندانیکردنە. کارەساتی هەڵەبجە و پەلامارەکانی ئەنفال تاڵترین و ژەهراویترین راستین بۆ سەلماندنی ئەم بێژەیە.

www.kurdistannet.org

ڕژێمی عێراق مافی نارەوای مردن، کوشتن، ئەشکەنجە و زیندانی بە یەکسانی بە پیاوان و ژنانی کورد ڕەوابینیبوو. لە یەک شتدا نەبێ ئەویش فرۆشتنی برێک لە کۆیلەژنەکانی کورد بە وڵاتانی دراوسێی، وەک لە بەڵگەنامەی تازەدۆزراوەدا دەردەکەوێ.

**سوورەتی ئەنفال، تیۆریەک بۆ بەکۆیلەکردن:**

سورەتی ئەنفال، تیۆرییەکی ئایینییە و نزیکەی هەزارە و نیوێک پێش ئەمرۆ بۆ ئەنجامدانی بەکۆیلەکردنی کۆمەڵگە و خستنەژێر باری ئایینێک (بەزۆرداری) داهێنراوە.

ئەنفال سوورەتی هەشتەمی قورئانە، کە لە ٧٥ ئایەت پێک هاتووە. ئەم ئایەتانە لە شاری مەدینەی عەرەبستانی سعودی ، لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچی نووسراوە و ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە چۆنێتی گرتن، کوشتن، بەکۆیلەکردن و تاڵانکردنی سەر و سامانی کافران. (کافران بریتی بوون لە هەموو ناموسوڵمانێک).

لە پرۆسەی ئەنفالکردنی کۆمەڵگەی کورددا، بە زنجیرەیەک پەلاماری بێپەروا لە ساڵی ١٩٨٨ دا لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە، بە ناو و ناوەڕۆکی ئەم تیۆرییەوە کوردیان کرد بە کەرەستەی تاقیکردنەوەی چەکی بیۆلۆژی و گریمانەکانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و، دواکۆیلەکانی هەزارەی دووەمی زایینی.

وا لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا، کە لە بەشێکی دنیا پرۆسەی گەشەکردن بە خێرایی موشەک تێدەپەڕێ و شۆڕشی زانیاری دنیا دەگرێتەوە، لە عێراقی عاجباتی و پاشماوەی سەددامدابەڵگەی مانەوەی قۆناغی کۆیلایەتی دەردەکەوێت و، ژنانی کورد ئەو کۆیلە بێسەروشوێنانەن کە ڕووی نەک ڕژێمی داوەشاوی بەعس، بەڵکە ڕووی میسر و زۆر وڵاتی تری عەرەبی (کە دڵنیام بەڵگەمان لەسەر ئەوانیش دەست دەکەوێت) ، ڕەش دەکات.

ساڵی ١٩٩٧، لە پێشەکی کتێبی (فرۆشراو)[1] دا باسی ئەو کچە کوردانەم نووسیبوو، کە لە پەلامارەکانی ئەنفالدا گیران و دواتر فرۆشران بە وڵاتانی عەرەبی. لەوێدا نووسیوومە:

www.kurdistannet.org

(( مەبەستمە باسی ئەو کچە کوردە ئەنفالکراوانە بکەم کە فرۆشران بە پیاوانی دەوڵەتە عەرەبییەکانی وەکو عەرەبستانی سعودی، کوەیت و وڵاتانی تری کەنداو و، یەمەن و زۆر وڵاتی ئیسلامی تر. ئەگەرچی دەوڵەتی عێراق و ڕژێمی هەرە دیکتاتۆری عێراق ناهێڵن بەڵگەی ئەو فرۆشتنانە بکەونە دەستی کەس، هەروەک چۆن ئەگەر ئەو چەند کەسانە نەبوونایە کە بە ڕێکەوت لە ئەنفال ڕزگاریان بوو بوو، کەس نەیدەزانی کە ئەو سەدوهەشتاو دوو هەزار کەسەی کە لە هێرشی بەدناوی ئەنفالدا لە ساڵی ١٩٨٨ دا گیران ، لە بیابانەکانی خوارووی عێراقدا زیندەبەچاڵ کران. بە هەمان شێوەش دیلبوونی ئەو کچە فرۆشراوانەش بێ بەڵگە ماونەتەوە، چونکە ئەو کچە کوردانەی کە ساڵەهای ساڵە چەوسانەوەی نەتەوایەتی و ڕەگەزایەتی و چینایەتیان لەسەر بووە و هێندەی کەساس و چەوساوە کردوون ، کە دواترینیان ئەنفال بوو، ئیدی (منی بەرگریکەر) ی لە کەسایەتییاندا کوشتووە و جێی سەرسوڕمان نییە کە کەسیان نەیانتوانیوە ڕاپسکێن و خۆدەرباز بکەن لەو چارەنووسە تاڵەی کە بەسەریاندا سەپێنراوە. تا بینە بەڵگەی هەزارانی تر کە لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە فرێشراو.))

من ئەم پێشەکییەم لە ١٩٩٧/١/٦ نووسی و، وا دوای حەوت ساڵ یەکەمین بەڵگەی فرۆشتنی ئەوان ئاشکرا دەبێت و، لیستەیەک بە ناوی کچانی فرۆشراوی ئەنفال ناوەندەکانی ئاژانس دەهەژێنێ. بەڵام لە جیاتی سەرسوڕمان و هەژان، پرسیار و ڕامانی تر دێنە ئاراوە و دەبن بە پێویستی قۆناغی نوێ، کە ئەمانەن:

- ئێستا کە بەڵگەی گومانهەڵنەگرمان بە دەستەوەیە لە بارەی فرۆشتنی کچان و ژنانی ئەنفالکراو، هەڵوێستی ڕابەرانی سیاسی کورد چی دەبێت؟ ئایا لە ئاست ئەم تاوانە بەڵگەدار و سەلمێنراوەش هەر بێدەنگ دەبن؟
- ئایا دەوڵەتی میسری کڕیاری کچانی ئەنفال بە تاوانی بەشداریکردن لە تاوانی ئەنفالدا بەشدار نابن، وەک دوو لایەنی بەڵێننامەی کڕین وفرۆشتنی کۆیلە؟

www.kurdistannet.org

- ئایا داخوازییەکی نوێ و هەنووکەیی نابێ بۆ کۆمەڵگەی ئێمە کە بە دوای بەڵگەی زیاتر و لیستی ناوی زیاتردا بگەڕێین بۆ دۆزینەوەی چارەنووسی هەزارانی تری بێسەروشوێن؟
- ئایا ئەم بەڵگەیە کێشەیەکی کۆمەلایەتی و دەروونی ناهێنێتە ئاراوە بۆ هەزاران کەس و خێزان کە چارەنووسی کچە ئەنفالکراوەکانیان نازانن و ئیدی هەر بە تەمای دۆزینەوەیان دەبن لە شوێنێکی نەزانراوی دنیای عەرەبی، کە ڕەنگە هەر نەیاندۆزنەوە؟

ئەمانە و زۆر پرس و ڕامانی تر دەبێت بە هەنووکەیی و ئەرکی ڕێکخراوەکانی ژنان ، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کەسایەتی و نووسەران و ڕووناکبیران.

ئەو بەڵگەیەی کە دەزگای موخابەراتی پارێزگای کەرکووک، ژمارەی ١٦٠١ ی دراوەتێ و مێژووی ١٩٨٩/١٢/١٠ پێوەیە و ناوی هەژدە کچی تێدایە. هاوکات ئاماژەیەکی تێدایە بۆ کەسانی تر و دەبێ لە شوێنێکی تردا دەیان لیستەی لەو جۆرە هەبێ.

ئەم بەڵگەیە هی ئەوەیە دەنگ و سەدا بداتەوە و دنیای لێ پڕ بکرێ و، لە سەر ئەم ڕەفتارەیان بەرپرسانی دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی و بە تایبەت دەوڵەتی میسر ڕاپێچی دادگاکانی نێونەتەوەیی بکرێن.

## دوا وتە:

کورد هەتا نەتەوەیەکی ژێردەست بێت و، کوردستان هەتا ولاتێکی لەتکراوی داگیرکراو بێت، ئەم دۆخە نائاساییانەش هەر بەردەوامیان دەبێت. هەر لەم کاتانەدایە لە زیندانەکانی تورکیادا کچێکی کورد بە ناوی (گوڵبەهار گوییندز) وەک سزایەک بۆ خەبات و تێکۆشانی بۆ ئازادی، لە لایەن بەرپرسانی تورکەوە دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر و ڕەفتاری کۆیلانەی لەگەڵدا دەکرێت.

ئاسایی نییە حەز بە ژیانی ئاسایی نەکەین، ئەو ڕابەرە کوردانەی کە بانگەشە بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا دەکەن و بە نیاز نین گوێ لە ڕای هاولاتی بگرن و سەربەخۆیی بۆ کوردستان ڕابگەیەنن، گومانی ئەوەیان لێ

www.Kurdistanet.org کوردستانەت

دەكرێت كە بیانەوێ دۆخی نائاسایی بۆ كوردستان و بۆ كورد بكەن بە ڕەوا. ئاسایی ئەوەیە ئازاد و سەربەخۆ بین، ئاسایی نییە تا هەتایە كۆیلە بین.

...

٢٠٠٣/٧/٣

ستۆكهۆڵم

---

[1] كتێبی فرۆشراو، لە نووسینی زانا موحسین و وەرگێڕانی زاگرۆس زەردەشتی،ساڵی ١٩٩٧ لە سوێد چاپ و بڵاوكرایەوە و ساڵی ٢٠٠٣ لە كوردستان چاپی دووەم كرایەوە. ئەم كتێبە نووسەرەكەی (زانا) كچێكە كە دایكی ئینلیز و باوكی یەمەنییە و لە تەمەنی شانزەساڵیدا باوكی بە فرۆفێڵ لە ئینگلیستانەوە خۆی و خوشكە پانزەساڵییەكەی دەبات بۆ یەمەن و هەردووكیان دەفرۆشێت بە باوكی دوو كوڕ و بەزۆر مارەیان دەكەن لێیان. لەم كتێبەدا زانا باس لە تێكۆشانی خۆی دەكات بۆ ڕزگاربوون لەو كۆیلایەتییە و لە ئاكامدا ، دوای دوو ساڵ و بە یارمەتی دایكی ڕزگاری دەبێت.ئەم كتێبە لە ئینگلیزییەوە كراوەتە سویدی و لە سوێدیشەوە زاگرۆس زەردەشتی كردوویە بە كوردی و ، لە پێشەكی چاپەكوردییەیدا كە من نووسیوومە ئاماژەم بە كارەساتی ئەنفال و فرۆشتنی كچانی كورد بە دەوڵەتە عەرەبییەكان كردووە.

www.kurdistannet.org كوردستان نێت